**٥- پرۆژەی بەندیخانەی فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی لە هەولێرو سلێمانی:**

لەساڵی (١٩٩٨)وە رێکخراوی (**Wadi**) پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ فەرمانگەی چاککردنی سلێمانی دەست پێکردووەو لە ساڵی (٢٠٠٣)وە لە شاری هەولێر لە بەندیخانەی نەوجەوانان چەند پرۆژەیەکی ئەنجامدا.

لە فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی چەندین وەرشەی کردەوە بۆ درومان، ئاسنگەری، دارتاشی و کاری دەست، کتێبخانەیەکی گەورەی بۆ کردنەوەو دواتر لەساڵی (٢٠٠٠) گروپێکی لەناو بەندیخانە دروست کرد بەناوی گروپی ئاسۆی گۆران و داوایان لێکرا کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیان دەربکەن. دواتر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لە کتێبێکی قەبارە مامناوەندیدا بڵاوکرایەوە بەناوی (بەرەو ئاسۆی گۆڕان)و تا ئێستا سێ ژمارە لەو کتێبە بڵاو کراوەتەوەو لەکاتی ئێستاشدا بەشی چوارەم ئامادە دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوە.

**٦-تیمی فریاگوزاریی گەڕۆك بۆ هاوكاری ژنان و منالاّن :**

لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٣) بۆ حاڵەتی کتوپڕی کاتی شەڕ رێکخراوی (**Wadi**) دوو تیمی ژنانی پێکهێنا بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە چاوەڕوانکراوەکان، بەڵام ئەو حاڵەتە ترسناکە رووی نەدا کە چاوەڕوان بوو، هەربۆیە ئەم تیمانە راستەوخۆ رەوانەی هەڵەبجەو ئەو ناوچانەی دیکەی هەورامان کران کە جێگای ململانێ و شەڕو ئاژاوە بوون. دواتر تیمە گەڕۆکەکان بوون بە بەرنامەیەکی رێکخراوی (**Wadi**)، لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین تیم پێکهێنراوەو ئەو تیمانە سەردانی هەموو گوندەکانی کوردستانیان کردوەو تا ئێستا نزیکەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار ژن و منالّ لەو بەرنامەیە سوودمەند بوون کە پێکدێت لە چارەسەری پزیشکی و بەرنامەی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کەل و پەل بەسەر خەڵکی کەم دەرامەتدا لە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو کەرکوك.

**٧-کردنەوەی چوار سەنتەر بۆ راهێنان و پەرەپێدانی مافەکانی ژنان :**

لەساڵی (٢٠٠٤) رێکخراوەی (**Wadi**) سێ سەنتەری لە شاری هەڵەبجەی شەهیدو شارۆچکەی تەوێڵەو ناحیەی بیارە کردەوە، تا ئێستا ئەو سێ سەنتەرە بەردەوامن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە ژنان. لەساڵی (٢٠٠٥)وە سەنتەرێکی گەورەی لەشاری کفری کردەوە بە هەمان ناوو مەبەست.

**٨-دژایەتی کردن و کارکردن بۆ بنەبرکردنی خەتەنەکردنی ژنان:**

چەند تیمێکی تایبەت بە ژنان و منالاّن لە رێکخراوی (**Wadi**) لەماوەی چەند ساڵی رابوردودا چەندین کۆڕو کۆبونەوەی تایبەتییان لەگەڵ ژنان و کچاندا ئەنجامداوە بۆ باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و هاوکاریکردنی ژنان لە رووبەڕووبونەوەی ئەو کێشانەداو دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان بۆ ژنان و منالاّن.

هەموو چالاکیەکانی تایبەت بە خەتەنەکردنی مێینە لەسەر سایتی : www.stopfgmkurdistan.org دەخوێنیتەوە.



**٩-ئەنجامدانی چەندین خول بۆ فریاگوزاریی سەرەتایی لە ناوچەی گەرمیان :**

لەساڵی (٢٠٠٥)و (٢٠٠٦) رێکخراوی (**Wadi**) لە بیست گوندی گەرمیان سێ خولی فریاگوزاریی سەرەتایی ئەنجامدا بۆ (٩٠) بەشداربوو لە ژنان و پیاوان، هەر خولێك ماوەی سێ مانگی خایاندو لە رێگەی پزیشکێك و یاریدەدەرێکی پزیشکەوە خولەکان ئەوترایەوە. ئەم خولانە بە تایبەتی لەو ناوچانەدا ئەوترانەوە کە تا ئێستا بنکەی تەندروستییان بۆ نەکراوەو بۆ کەمترین پێداویستی پزیشکی دەبێت خەڵکی ئەم ناوچەیە روو لەشار بکەن کە بە چەندان کیلۆمەتر لێیانەوە دورە، ئەم فێرخوازانە لە کۆتایی خولەکاندا سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابینکرا بۆ دەست بەکار بوون لە حاڵەتی پێویستداو ئاستی خولەکان بە شێوەیەك بوو دواتر چەند کەسێك لە بەشداربوان لە گوندەکانی خۆیاندا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دامەزران وەك کادری پزیشکی و بنکەیان لە گوندەکانی خۆیاندا بۆ کرایەوە.

**١٠-رادیۆی دەنگی نوێ کە لەلایەن گەنجان و ژنانەوە بەڕێوە دەبرێ :**

لە مانگی ئەیلولی (٢٠٠٥)دا ئەم رادیۆیە پەخشی ئاسایی خۆی دەست پێکرد. ئەندامانی ئەم رادیۆیە لە چوار ژن و سێ کوڕی گەنجی ئەو ناوچەیە پێکهاتون کە زۆربەیان پاشماوەی خێزانی قوربانیەکانی چەکی کیمیاوین لە هەڵەبجەو دەوروبەریدا کە لە ساڵی (١٩٨٨) لەلایەن رژێمی سەدامەوە بەکار هێنرا.

پرۆژەی ئەم رادیۆیە بە هاوکاری هەردوو رێکخراوی (**Wadi**)و (**VOCA**) ئەمریکی ئەنجامدراو لەسەر شەپۆلی (**FM 88.6**) لە سنوری هەڵەبجەوە تا سەد کیلۆمەتر وەردەگیرێت. لەکاتی ئێستادا ئەم رادیۆیە بە بەناوبانگترین رادیۆی سەربەخۆی ژنان و لاوان لە عێراق و کوردستاندا لە قەڵەم ئەدرێت.

چالاکیەکانی (**Wadi**) لەسەر ئەم دوو سایتەی خوارەوە بڵاو کراونەتەوە:

**www.wadinet.at ، www.wadinet.de**

**ئامادەکردنی: فەلاح مورادخان شاکەرەم**
رێکخەری گشتی پرۆژەکانی رێکخراوی (**Wadi**) لە عێراق